

ئەگەرەکانی تر..

مەریوان وریا قانع دەینووسێت

# لەنێوان مزگەوتو هۆڵی دادگاو ژووری داخراودا

سیاسەت، لەمانا هەرەگشتییەکەیدا، بریتییە لە کۆی ئەو کارە پێکەوەییانەی کۆمەڵگایەك لە ڕێگایانەوە دەخوازێت بە کۆمەڵێك ئامانجی پێکەوەییو گشتی بگات، بریتییە لە بڕیاردانی بەردەوام بۆ بەخشینی ئەو وێنەیەی کۆمەڵگایەك دەیەوێت بە ئایندەی خۆی بدات. ئەو پرسیارانەی لەو پەیوەندییاندا بە ئایندەو بە ئامانجە پێکەوەییەکانەوە دێنە کایەوە بریتیین لە: کێ دەسەڵاتی بڕیاردانی هەبێت؟ پیادەیان بکات؟ چۆن ئەو ململانێیانەی دێنەکایەوە ئیدارە بدرێن؟ هتد..... بڕیاردان لەسەر ئەو مەسەلانە، کە لە هەمان کاتدا بڕیاردانە لەسەر مەسەلە هەرە بنەڕەتییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، جەوهەری کاری سیاسییە.

ئەم شتانە وادەکەن سیاسەت کردن شتێك نەبێت تەنها لەناو دەزگا حکومیو ڕەسمیو حیزبییەکاندا پیادەبکرێت. بەڵکو بەشێك بێت لە گشتێتیی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی، بەشێك بێت لە پێکهاتی خێزانو دینو کارخانەو پەیوەندی نێرو مێ پەیوەندی نەوە نوێکان، نەوە کۆنەکانەوە. هەر یەکێکیش لەم بکەرە کۆمەڵایەتییانە هەڵگری وێنەو خەونو داخوازی تایبەتو پەیوەندییەکی تایبەتیشی لەگەڵ ئایندەو ئامانجە پێکەوەییەکانەوە هەیە، ئەمەش وادەکات سیاسەت لەیەك کاتدا هەم سەرزەمینی ناکۆکیو کێبەرکێو ململانێی هەمە جۆر بێت، هەم ئامرازێکی گرنگی ئیدارە دانی یاساییو ئاشتی ئامێزی ئەو ململانێو گومانو ناکۆکییانە بێت.

بۆ بڕیاردانی سیاسی زیاد لە مۆدێلو شێوازێك هەیە. ئەم مۆدێلو شێوازانە وابەستەی پێکهاتو کاراکتەرو خەیاڵو عەقڵییەتی ئەو هێزە سیاسیو کۆمەڵایەتییانەن کە ئامادەن، وابەستەی ئەوەن چ دیدێکیان بۆ سیاسەت هەیە، چۆن لەدەسەڵات دەگەن، نوێنەری چ کولتوورێکی سیاسیین، کۆمەڵگا چۆن وێنا دەکەنو دەخوازن چ جۆرە ئایندەیەك بنیادبنێن؟

من لێرەدا سێ مۆدێلی دەرکردنی بڕیاری سیاسیو سێ شێوازی پیادەکردنیان لەیەکدی جیادەکەمەوە. مەبەستم "مۆدێلی مزگەوت"و "مۆدێلی ژووری داخراو"و "مۆدێلی هۆڵی دادگا"یە. بنەمای جیاکردنەوەی ئەم مۆدێلانەش بیرۆکەی "ئاشکراکاری" یان شەفافیەتە. شەفافیەتی سیاسی مانای بوونی دۆخێکە کە تیایدا خەڵك بزانن بڕیارەکان چۆن دەردەکرێنو کێ دەریاندەکاتو بۆ دەردەکرێن. شتەکان شاراوەو تاریكو ژێر پەردە نەبن و یاساو نۆرمی ئاشکرا چۆنیەتی دەرکردنی بڕیارەکانو ناوەڕۆکەکانیان ببات بەڕێوە. کاتێك بەمەسەلەیەکی دیاری کراو دەگوترێت شەفاف کە ئەو زانیارییانەی دەربارەی ئەو مەسەلەیە لە ئارادان، لەبەردەستدا بنو خەڵك بتوانن ئازادانە بیاندۆزنەوەو بیانبینن. بگەڕێینەوە سەر مۆدێلەکان.

مۆدێلی هۆڵی دادگا: دادگا شوێنێکی گشتیو کراوەیە. لایەنە جیاوازو ناکۆکەکانی بەرگریکردنو دادوەریکردن ئامادەن: دادوەرو تاوانبارو پارێزەری گشتیو پارێزەری تاوانبار ئامادەن. هۆڵی دادگاش کراوەیە بۆ هەرکەسێك بیەوێت ئامادەبێتو تەفاسیلی دادگاییکردنە لەنزیکەوە ببینێت. لایەنە ناکۆکەکان بەئاشکراو بەڵگەو ئەرگۆمێنتو سەلماندنەکانی خۆیان دەخەنە ڕوو ڕاو بۆچوونەکانیان نیشان ئەدەن. دادوەر گوێ لە هەمووان دەگرێتو دوای هەڵسەنگاندنی بۆچوونە ناکۆکەکانو بەپێی ئەو یاسایانەی کە هەن دادوەری دەکاتو بڕیار ئەدات. کاراکتەری هەرە سەرەکی هۆڵی دادگا بوونی شەفافیەتە، شتەکان ئاشکرانو پرسیارو وەڵامەکانو سەلماندنو بەڵگەکانیش ئاشکران. هەم یاساکانو هەم دادوەرییەکەو هەم تاوانەکەو هەم بەرگری هەم پارێزەرەکان بە ئاشکرایی کاردەکەنو هەرکەسێك بیەوێت دەتوانێت بچێتەوە سەر بەکۆمەڵگاو خەڵكو گەمە کارە کۆمەڵایەتییەکان بنیادنراوە. یاسا بەڕێوەی دەباتو ماف بنەماکەیەتی.

بەرامبەر بەو مۆدێلە کراوەو ئاشکرایەی بڕیاردان مۆدێلی "ژووری داخراو"مان هەیە کە بڕیارەکان تیایدا لە ژوورێکی داخراودا دەردەکرێنو تەنها ئامادەبووانی ئەو ژوورە دەزانن کێ چی گووتوەو چۆن گوتراوە بۆ گوتراوە. زانیارییەکان لەکەسانی دەرەوەی ژوورەکە دەشاردرێنەوە. لەم مۆدێلەدا کەسانێکی زۆر کەم بڕیارەکان دەردەکەنو کۆمەڵگاش دوای بڕیاردان لووتی بەدەرەنجامەکانی ئەو بڕیارانە دەتەقێتەوە. گەرچی خەڵك بەشدار نین لە دەرکردنی بڕیارەکاندا بەڵام دەبێت دەرەنجامەکانی بژێنو قبوڵ بکەن. مۆدێلی ژووری داخراو مۆدێلێکی جەنگییە. ئەوە تەنها چۆنیەتی دانانو بەڕێوەبردنی تاکتیکە سەربازییەکانی جەنگە کە چەند ئەفسەرێکی بەرز بڕیاری لەسەر ئەدەنو دواتر سەربازەکان بێ هیچ چەندو چونێك دەبێت جێبەجێیان بکەن. مۆدێلی ژووری داخراو مۆدێلی بوونی سەرکردەیەك، نوخبەیەك یان بنەماڵەیەکە بە ئەفسەرو کۆی کۆمەڵگاش بەسەرباز. ئەم مۆدێلە لەسەر ترس بنیاد نراوە: ترس لە خەڵك، ترس لەئاشکرابوونی ڕاستییەکان، ترس لە بڵاوبوونەوەی زانیارییە ڕاستەقینەکان، ترس لەوەی شتەکان لەدەستی نوخبەی دەسەڵاتداردا نەمێنێتەوە. ترس وادەکات ئەم مۆدێلە لەباتی گەڕانەوە بۆ پرنسیپە ئەخلاقییەکانو لەباتی شەفافیەتو لەباتی بەشداریکردن لەبڕیارداندا، بەزەبری چەكو ترسو سزاو هەڕەشە کاردەکات، کڕینی خەڵكو پارەبەخشینەوەو دابەشکردنێکی نایاساییو ناڕاستی پلەوپایە، پایەکانیەتی. بۆ ئەوەی ژوورەکان بەداخراوی بهێڵدرێنەوەو نهێنییەکان ئاشکرانەبن دەبێت کۆمەڵگا کۆنترۆڵ بکرێت، ناوەوەو دەرەوەی شتەکان دیاربێتو جوڵەو هەڵسوکەوتو بیرو بۆچوونی ئینسانەکان چاودێری بکرێت.

مۆدێلی سێهەم مزگەوتە. ئەم مۆدێلە لەسەر بیرۆکەی "ئیمامێکی هەمووشت زان" کاردەکات کە ڕۆڵی قسەکەرو لێکدەرەوەو نەسیحەتکەرو بڕیاردەر دەگێڕێت. لەبەرامبەریشیدا "عەوام"ێکی گەورە هەیە کە گوێڕایەڵەو بێ پرسیار شوێنی نمایشو لێکدانەوەکانی ئیمام دەکەوێت. ئیمام قسەدەکاتو ئیمانداران گوێدەگرن. سەرکردەی دینی هەقیقەتەکان دەزانێتو باوەڕداران ئەو هەقیقەتانە ئەزبەر دەکەن. مزگەوت لەماڵی ئینسانەوە دەبێتە ماڵی خودا، ئیمام لەم ماڵە خوداییەدا پەیامەکانی خوداوەند ڕادەگەیەنێو ئەو سزایانەش ئاشکرا دەکات کە لادەران لەم پەیامە ڕووبەڕوویان دەبنەوە. مۆدێلی مزگەوت لەسەر بناغەی ترسێکی گەورە بنیانراوە، ترسێکە تێکەڵ بەمژدە. ئەم مۆدێلە کەمتر ئاڵوگۆڕی عەقڵانی ئەرگۆمێنتو بەڵگەو سەلماندن دەناسێت. لەسەر بڕوایەکی ڕەها بە زانیارییەکی موقەدەس دروستبووە کە تەنها گروهێکی بچووك لە "عاریفان"و زانایانی ئایینی پێیدەگەنو دەیزانن. لەڕاستیدا ئەم مۆدێلە لە هەندێك دەرکەوتی پەڕگیرو توندڕەویدا لە فاشیزم نزیکدەکەوێتەوەو بەزمانی خوێنو سەربڕینو بەردبارانکردن دەدوێت.

ئەم مۆدێلە مۆدێلێکی داخراوو نوخبەوییانەی بڕیاردانی سیاسییەو پێشوەختیش بەسنوورێکی موقەدەس پەرژینکردووە کە هیچ لێکدانەوەیەکی عەقڵیی ناتوانێت لێی لابدات.

ئاشکرایە مۆدێلی باڵا دەستی بڕیاردانی سیاسی لە کوردستاندا مۆدێلی هۆڵی دادگا نییە. بڕیاری سیاسی کوردی بەڕادەیەکی ترسناك بڕیاری ناو ژوورە داخراوەکانە. لەم دەساڵەی دواییشدا مۆدێلی مزگەوت شوێنگەیەکی گەورەی لەواقیعی ئێمەدا وەرگرتووە. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە داخۆ کۆمەڵگای ئێمە توانای ئەوەی هەیە بڕیاردانی سیاسی ناچار بەلانیکەمی




## هەڵبژاردنی کەرکوك دەکرێت یا ناکرێت

ئا: پ. هاوڵاتی

پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەرگەرمی کارکردنن بۆ دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك، بەڵام بە پێچەوانەی ئەمەوە گروپی عەرەبەکانو بەرەی تورکمانی هاوهەڵوێستن لەسەر ئەوەی کە لەکاتی خۆیدا ئەو پرۆسەیە ئەنجام بدرێت.

لە کۆبوونەوە فراوانەکەی دووکاندا کە١٥ حیزبی عێراقی لەسەر بانگهێشتی تاڵەبانیو بارزانی کۆبببونەوە، بڕیاردرا ،بڕیاری ٥٨ ی یاسای کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی جێبەجێ بکرێت ئنجا ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك هەڵبژێرێتەوە. هەر ئەمەش وای لە تورکمانو عەرەبەکانی پارێزگای کەرکوك کرد کە بۆچونی خۆیان بەرامبەر بەو کۆبونەوەیەو ئەو بڕیارانە دەربڕن کە لەوێدا لە دووکان دراون.

لەم بارەیەوە بەرەی تورکمانی بە بەیاننامەو پاشانیش عەرەبەکان بە لێدوانو کۆبونەوەکانیان ئەو بۆچونەی کوردەکان ڕەتدەکەنەوەو بەکارێکی نەشیاوی لەقەڵەم دەدەن، چونکە ئەوان پێیان وایە لە ئێستادا کاتەکە لوواوە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکە.

لەلایەکی ترەوە پارتی تورکمان ئیلی ،کە پارتێکی گەورەی ناوبەرەی تورکمانییە بەجیا بەیاننامەیەکیان دەرکرد کەبەتەواوی سەرجەم کۆبوونەوەکانی دووکان ڕەتدەکاتەوەو جەخت لەسەر هەڵبژاردنەوەی ئەنجومەنەکە دەکاتەوە لەکاتی کۆتایی مانگی یەکی ٢٠٠٥ دا.

زۆربەی عەرەبەکانی ناو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك سوورن لەسەر هاوهەڵوێستییان لەگەڵ تورکمانەکان،چونکە ئەوانیش پێیان وایە کاتەکە تەواو گونجاوە.چاودێران هاوهەڵوێستی ئەو دوو نەتەوەیە بەیەکەوە، بۆ ئەوە ئەگەڕێننەوە کە قسەکردنی هاوپەیمانێتییەك لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا لە نێوانیاندا کراوە.

محەمەد خەلیل یەکێکە لە نوێنەرانی عەرەب، پێیوایە کاتەکە تەواو ئامادەیە بۆ هەموو هەڵبژاردنەکانو دەڵێت بارودۆخی کەرکوك لە هەموو شارەکانی دیکەی عێراق باشترە، هەرئەوەش وای لێکردووە جەخت لە هەڵبژاردنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاش بکاتەوە.

تەحسین کەهیەش کە بەرەگەز تورکمانەو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکە، هەمان بۆچونی هەیە، بەڵام بڕیارەکە دەداتە دەست کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوەو دەڵێت ئێمە بەپێی یاسا کار دەکەینو دوا بڕیاریش لای ئەو کۆمیسیۆنەیە، هەروەها ڕونیکردەوە کە تاوەکو ئێستا کۆمیسیۆنەکە جەخت لەسەر کردنی هەموو هەڵبژاردنەکان دەکات لە پارێزگای کەرکوكو ئەوانیش جێ بەجێی دەکەن.

لەسەر ئاستە حزبییەکەی کەرکوکیش تاوەکو ئێستا تەنها هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك ڕەتکراوەتەوە، بەڵام جەخت کردنەوە لەسەر هەڵبژاردنی عێراق بەگشتی، بوونێکی چالاکی هەیەو پارتەکانیش لە ئامادە باشیدان بۆی.

کمال کەرکوکی نوێنەری بارزانی بۆ کارو باری کەرکوك و نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەنجومەنی پارێزگا، سەبارەت بە بۆچونی گروپی کوردی ناو ئەنجومەنەکە کە ئەوان بە هەموو شێوەیەك لەگەڵ هەڵبژاردندان کە لەعێراقدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، بەڵام بەنیسبەت هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکوك پێیوایە" بێ تەتبیعی کەرکوك کورد بەشداری هەڵبژاردن بکات زەرەرە بۆی، لەبەر ئەوە نایکات".

هەروەها سەبارەت بە هەڵوێستی بەرەی تورکمانیش وتی "هەڵوێستی ئەوان بۆ ئێمە زۆر گرنگ نییە".

جەلال جەوهەر ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە لێدوانێکیدا بۆ هاوڵاتی تیشکی خستە سەر ئەوەی کە یەکێتی پشتگیری هەڵبژاردنی سەرتاسەری لە عێراق دەکات، بۆ هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکوك ،سەبارەت بەوەی ئایا پێتان وایە کەلەم ماوەیەدا بارودۆخی کەرکوك ئاسایی دەبێتەوە بۆ هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکوك ؟وتی "ئەم ماوەیە کورتە". هەروەها وتی "دەبوایە حکومەتی عێراقیش زۆر گرنگی بە ئاساییکردنەوەی باری کەرکوك بدایە".

پاشان جەلال جەوهەر ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە ئەگەر بزانن هەڵبژاردنێك ناعەدالەتیو نارەوایی تێدایە بۆ دانیشتوانی ناوچەکە "بێگومان ئێمە پشتگیری لەو هەڵبژاردنە ناکەین، ئەگەر بزانین مافی خەڵکی تیادا دەفەوتێ"

لەدوایدا بۆ بەیاننامەکانی ئەم دواییەی ناو بەرەی تورکمانی وتی "بێگومان ئێمە ئیدانەی دەکەین، لەبەر ئەوەی کۆمەڵێك شتی نارەواو ناحەقی تیادایە،ئێمە ئەوان بەنوێنەری خەڵکی تورکمانو کەرکوك نازانین، هەموو ئەو قسانەی دەیکەن هیچی لەپێناوی خەڵکی تورکمانو کەرکوك نییە،بەڵکو بۆ تێکدانو دروستکردنی کێشەو ئاژاوەو فیتنەیە لە ناوچەکە".

نەجات حەسەنی بەرپرسی لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان هێمای بۆ ئەوەکرد کە لەگەڵ کوردەکانی ناوئەنجومەنی پارێزگا ڕێکەوتوون لەسەر ئەوەی هەڵبژاردنی ناو پارێزگا دوا بکەوێت چونکە ئەو پێیوایە تاوەکو ئێستا نەك چارەسەری تەعریب نەکراوە،بەڵکو دەڵێت پرۆسەکە بەردەوامە،بۆ نمونەی ئەو بەردەوامییەش ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە لەنێوان دوو مانگی ڕابردوودا ٦ حاکمی عەرەبیان ناردووە بۆ دادگاکانی ناو شارەکە بەبێ ئەوەی دەرکراوە کوردەکان بگەڕێننەوە.

بەدەر لەلایەنە تورکمانەکانی ناو بەرە، عیرفان کەرکوکی کە بەرەگەز تورکمانە سەبارەت بەهەڵوێستی کوردەکان بۆ هەڵبژاردن، ئەویش هەمان هەڵوێستی هەیەو پێیوایە کە ئەگەر ئەوان بەپێی یاسای کاتی دەوڵەتی عێراقی بجوڵێنەوە دەبێت پێش هەڵبژاردن کار بۆ بڕیاری ٥٨و گەڕانەوەی ئاوارە تورکمانەکانو کوردەکان بکەن.

ئەوەی لەم یارییەدا بۆچونێکی جیاوازی هەیە تەنها ئاشورییەکانی ناو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکە کە دەڵێن تاوەکو بارودۆخە ئەمنییەکە بەم شێوەیەی ئێستا بێت ئەوا هەڵبژاردن شکست دێنێت.

هەروەها نەبوونی هۆشیاری لای خەڵکی سەبارەت بەهەڵبژاردن شانبەشانی بارودۆخە ئەمنییەکەیە کە ئاشورییەکان تیشکی دەخەنە سەر .

ئاشور یەلدا نوێنەری ئاشورییەکان لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك بە هاوڵاتی ڕاگەیاند کە ڕێگری زۆر هەیە لەبەردەم هەڵبژاردنەکاندا، پاشان گوتی "ئەگەر بارودۆخی ئەمنی چارەسەر نەکرێتو هاوڵاتیانیش بەم جۆرە هۆشیارییەوە بن واباشترە دوابخرێت".

## بۆ هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

### سڵاوێکی گەرم

وەکو ئاگادارن بڕیارە لەداهاتوویەکی نزیکدا هەڵبژاردنی گشتی لەعێراقو کوردستاندا سازبکرێت. ئەگەر هەڵبژاردن لەم قۆناغەدا دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستان بێت، ئەوا گرنگترین گرێنتی بۆ ئەوەی هاوڵاتیان بتوانن ئازادانە بەشداریی تێدا بکەنو پاڵێوراوەکانیش مافی ڕکەبەرایەتییەکی یەکسانو بێ گرێو گوڵیان هەبێت، بریتییە لەشەفافییەتو چاودێریکردنی ئەو پرۆسە ئاڵۆزو چارەنووس سازە لەلایەن چاوەکانی خەڵکەوە، واتە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن.

گرنگی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەکاتی هەڵبژاردندا، تەنها لەبەدواداچوونی پێشێلکارییەکانو کێشەو گرفتەکاندا کۆتایی نایەت، بەڵکو لەوەش پترو ڕەنگە گرنگتریش ئەوەیە کە ئەو کەناڵانە دەتوانن زانیاریی ڕاست، بابەتیو بەدوور لەهەموو لایەنگیرییەك بە هاوڵاتیان بگەیەنن، بەمەش هاوبەشی لەسەرخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنا بکەن، بەجۆرێك بەشدارینەکردنی ئەکتیڤو ئازادانەی ڕاگەیاندن، پرۆسەی هەڵبژاردن نوقسان ئەکات.

لەم پێناوەدا، پێشنیار دەکەین نوێنەرانی هەموو کاناڵەکانی ڕاگەیاندن لەکوردستاندا (بینراو، بیستراو، نووسراو) بە هاوکاریی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی هەرێم (هەردوو ئیدارەکەی)، پەرلەمانی کوردستان، لیژنەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنو نوێنەری سەرجەم حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکان لەپایتەختی کوردستان پێکەوە کۆببنەوە، بۆئەوەی بەهەموو لایەکمان بەڵگەنامەیەك، یان پەیماننامەیەك ئامادە بکەین کە لەلایەکەوە مافی ڕۆژنامەنووسی کوردستانی لەبەدواداچوونی پرۆسەی هەڵبژاردندا مسۆگەر بکاتو هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان پەیوەست بن بە زامن کردنی ئازادیی ڕۆژنامەنووسانەوە. لەلایەکی ترەوە، ڕۆژنامەنووسان پابەندبوونی خۆیان بە پەیڕەوکردنی ڕێسا یاساییو ئەخلاقییەکانو لانەدان لەپرنسیپی بێلایەنی لەهەواڵو ڕاپۆرتەکانیاندا دووپات بکەنەوە.

هاوڵاتی

## لەگەڵ هەڵمەتی هەڵبژاردندا چاودێری دەسپێدەکات

هاوکات لە گەڵ نزیك بوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان مامۆستا محەمەد ساڵح محەمەد ئەمین بەڕێوەبەری ئۆفیسی سلێمانیی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند "لە ماوەی داهاتوودا ڕێسای هەڵس و کەوت کردنی قەوارە سیاسییەکان بڵاو دەکرێتەوە و سەرجەم قەوارە سیاسییە کاندیدەکان پێویستە پێوەی پەیوەست بن،" سەبارەت بەوەی کە چ هەڵس و کەوتێك بە خروقات دادەنرێت لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، مامۆستا محەمەد ساڵح ئاماژەی کرد بەوەی کە سەرجەم لایەنە کاندیدکراوەکان دەبێت بە خاڵەکانی ڕێسای هەڵس وکەوت کردنەکە و ئەویش قەدەغەکردنی قسەی ناشیرین و ترساندن و هاندان بۆ سەرپێچیکردن و ... هتد. لە حاڵەتی پەیوەست نەبوون بەم ڕێنماییانە و سەرپێچی کردندا مامۆستا محەمەد ساڵح ووتی "سەرەتا کۆمسیۆن ئاگاداری دەکاتەوە و دواتر ڕەنگە سزایان بدات" بۆ جۆری سزاکەش ناوبراو بەوە دیاری کرد کە یان غەرامەی پارە دەکرێت یان جۆرە سزایەکی تر کە تا ئێستا بە دەست کۆمسیۆن نەگەیشتوە. دەربارەی پەیوەندی کۆمیسیۆن بە حکومەتی هەرێمەوە بەڕێوەبەری کۆمیسیۆن ڕوونی کردەوە کە تا هەنوکە لە بەر ئەوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بە ڕەسمی دەستی پێ نەکردووە پەیوەندی ئەوان لە گەڵ حکومەتدا "تەنها پەیوەستە بە چۆنیەتی ناونووس کردنی دەنگدەران و چاك کردنی ئەو هەڵانەی کە لە فۆرمەکاندا ڕوویداوە" بۆ ئەو پرسیارەش کە ئاخۆ ئەوان داوایان کردووە کە حکومەت بە ڕێژەی یەکسان پارە بە سەر حیزب و کیانە سیاسییە بەشداربووەکاندا دابەش بکات، مامۆستا ساڵح وتی "نەخێر چونکە تا ئێستا هەڵمەتی هەڵبژاردن دەستی پێ نەکردووە" لە ماوەی پێشوودا ناوچە و دەڤەرە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان هەڵمەتێکی گەورەی پڕوپاگەندەی ناونووسین و دامەزراندن و زەوی دابەش کردن لە لایەن هەر دوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە پەیڕەو کراوە و دەربارەی ئەوەی کە ئەمە تا چەند لە گەڵ ڕێساکانی کۆمسیۆندا وێك دێتەوە و تا چەند لە ژێر سانسۆر و چاودێریدایە، مامۆستا محەمەد ساڵح دەڵێت: "ئێمە ئاگاداری شتی وەها نین و تا ئێستا هیچ نوسراوێك نییە ئەم جم و جۆڵ و هەڵمەتە قەدەغە بکات و ڕێگای لێ بگرێت".

سەبارەت بە بەکارهێنانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی حکومەت لە ڕادیۆ وTV لە لایەن حیزبەکانی دەسەڵاتدار و ڕۆڵی کۆمیسیۆن لە چاودێری کردنی بەکارهێنانی ئەم کەناڵانە لە لایەن تێکڕای حیزبەکانەوە بە یەکسانی، بەڕێوەبەری کۆمسیۆن وتی "پێشنیارمان کردووە نمونەی لوبنان ـ فەرەنسا لە کوردستاندا پەیڕەو بکرێت و هەر حیزب و کاندیدێك پشکی گونجاوی خۆیان لە ڕاگەیاندنی حکومەت بەربکەوێت".

ئا: پ.هاوڵاتی

## قوتابیەك گیان لەدەست دەدات

هەولێر، پ. هاوڵاتی: شەوی ١١/٢١ لەسەر شەقامی گشتی سەدمەتری لەشاری هەولێر، ئۆتۆمبێلێکی جۆری (بی ئێم دەبلیو)، لەقوتابیەکی کۆلێژی زانست بەناوی (هێدی ئەحمەد شوکر) دەدات، قوتابییەکە گیان لەدەست دەداتو شۆفێری ئۆتۆمبێلەکەش هەڵدێت.

## بڕی٢٠$ لە پۆلیس دەخورێت

هەولێر. پ، هاوڵاتی: ڕۆژێك بەر لە جەژنی ڕەمەزان کۆمپانیای نەوتی دوبز بڕی $40 وەك جەژنانە دەدات بەپۆلیسەکانی کۆمپانیا، بەڵام بنکەی کەیوان کە شێخ نازم سەرپەرشتی دەکات، 20$ی لە پۆلیسەکان گێڕاوەتەوە، کە لەڕێگەی بنکەی دوبز دابەش کراوە کە عەمید یوسف سەرپەرشتی دەکات.

## بەرپرسێك لەسەر کارلادەبرێت

سۆران، پ. هاوڵاتی: ڕۆژی ١١/١٧ بەڕێوەبەری ئاسایشی خەلیفان لەسەر کار لادەبرێت، سەرچاوەیەکی ئاگادار بەهاوڵاتی ڕاگەیاند کەوا لابردنی بەڕێوەبەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کاروباری ئیداری بەشێوەیەکی باش بەڕێوە نەبردووە.